



# ئێران: جیۆپۆلیتیکی شکێنۆک

م.رۆژە

(١)

ئێران ولاتێکی فرەنەتەوەو فرەشوناسە. لەروی جیۆپۆلیتیکیشەوە ئەم فرەنەتەوەییە رەنگیداوەتەوە. بۆیە چەند تیزی یەك میللەتی سەپێنراو لە ئێران هەڵدەوشێتەوە، ئەوەندەش ئەم ولاتە وەك ولاتێکی لەرزۆکی شوناس- هەڵتەکاو دەردەکەوێت.

خۆی پێشتر تاران لە سەدەی رابردووەوە گەلێك هەوڵی داوە کە خۆی وەك ولاتێکی یەك-شوناس‌و یەکپارچە بنوێنێت، بەلاّم بەدەرکەوتنی بزوتنەوەی شوناسخوازانەی گروپە ئیتنیەکانی ناو ئێران تیزی هۆمۆجێنیتەی ئێران بەژێر پرسیارەوە بوەو وەك ولاتێکی نیترۆجێن‌و نایەکپارچە دەرکەوتوە.

سەرەتا بە دەرکەوتنی ئیتنیسیتەی کورد ناسیۆنالیزمی فارس بەژێر پرسیارکەوت. پاشان ئەمە بوە کلیلی کردنەوەی دەرگای داخراوی شوناسخوازی گروپە ئیتنیکیەکانی تری وەکو ئازەربایجانی، عەرەب، بەلوچ، تورکمان‌و تەنانەت لور، گەیلان‌و مازەنیش!

لەمڕووەوە بونی نەزمی سیاسی هەبو کە لەگەڵ جیهانی دەرەوەو خەڵکی ناوەوەی خۆیدا گرفتی هەیە، کەم بێ‌و زۆر سەرەنجام گۆڕانی ناچارییە. بۆیە ئەم

پێگە لاوازو شکێنۆکەی جیۆپۆلیتیك‌و جیۆئیتنیکی ئێـران رووبـەروی گـەلێك پرسیاری جدیمان دەکاتەوە کوا گەلۆ بە روداني قەیران (چـی نـاوەکی بێـت وەك رابونی خەڵك یان کودەتا) و چی دەرەکی بێ (وەك تێسرەواندنی گورزی سـەربازی یاخود ئابوری) ئایا نەزمی هەبوی ئەو وڵاتە دەتوانێ پێش بە لادان لە ناوەنـدی رەوتە ئیتنیەکانی ناو ئێران بگرێ‌و یەکپارچەیی زۆرەکی جـارانی بسـەپێنێتەوە یان نا؟

**(٢)**

ئێران وڵاتێکی گرنگی باشوری خۆرئاوای ئاسیایە کە لە خۆرهەڵاتی نزیك یان خۆرهەڵاتی ناوەڕاست یەکێك لە سێکوچکە گرنگەکانی ئەم هەرێمە پێکدەهێنێ کە بریتی لە میسر، تورکیاو ئێرانن.

ئەم وڵاتە لەسەر پشتێونەی دەوری هەرێمی هیرتلاند هەڵکەوتوەو بـە بەشـێك لـە هێڵـی ریملانـدی ئـەو پشـتێونەیە لەقەڵەمـدەدرێت. ناوچـە سـتێپەکانی جەرگەستان یان هیرتلاند کە هەرێمی نـاوکی ئۆراسـیا دەگرێتـەوە، لـە چـەند هێڵێکەوە وەك باڵکان، قەفقاز، ملەی خەیبەری ئەفغانسان، هینـدو هیندوچـین بە ناوچە گەرمەکان‌و دەریا ئازادەکان پەیوەست دەبێـت کـە یـەکیان قـەفقازەو بەسەر ئێراندا بە کەنداو، دەریـای عومـان‌و لەوێشـەوە بـە ئۆقیانوسـی هینـد دەگات.

بۆیە ئێران وەك هێڵێکی گرنگی باشوری ئۆراسیا لەروی سـتراتیجیەوە خـاوەن پێگەو جێگەی تایبەت‌و گرنگـە. هـەروەها دوابـەدوای هەڵوەشـانەوەی بلـۆکی خۆرهەڵات‌و یەکێتی‌ی سۆڤیەت، جێگیریـی سـتاتیکی پێشـوی سـەردەمی دوو جەمسەری جێی خۆی بە جێگیری (تەنانەت ناجێگیری) دینامیك داوە.

ئەم دۆخەش راستەوخۆ ئێرانی بە ناوچەی پـڕ لـە کێشـەی قـەفقازو ئاسـیای ناوەڕاست لە باکورو کەنداو لە باشورەوە پەیوەستکردوە. ئەو هێڵەی لە قەفقازەوە دێت‌و بەسەر ئێرانـدا بەتایبـەت بەسـەر زنجیرەی زاگرۆسـدا دەگاتـە کەنـداو، راستەوخۆ بەخاڵی پێگەیشتنی دوو هەرێمی دینامیك واتە قەفقازو کەنداو بوە.

ئێران جگە لە باشورو باکوری لە خۆرئاواشەوە لەگەڵ عیراقو تورکیا هاوسنورە کە ئێستا یەکیان لە قۆناغی راگوزەری تاقیکردنەوەی سیستەمی فیدرالیزمدایەو هێشتا ناسەقامگیرە (عیراق)و ئەوەی دووەمشیان بەدەست پرسی کوردەوە دەناڵێنێت. لەرێگەی عیراقو تورکیاشەوە بەروی دەریای ناوەراست دەکرێتەوە کە ئاوس بە کێشەکانی فەلەستین، لوبنانو هتدە.

لە خۆرئاواشەوە لەگەڵ ئەفغانستانو پاکستان هاوسنورە کە هەردوو وڵاتەکە بۆ فەتحکردنی ئاسیای ناوەڕاست بە دەروازەی گرنگ دەزانرێن. واتە بۆ کردنەوەی ئاڵقەکانی هیرتلاندی ئۆراسیا دەرگای پەیدەرپەین. بۆیە ئێستا هەردو وڵاتەکەش بە مەکۆی قەیرانی توند بون.

ئێران لەروی پێگەی جیۆپۆلیتیکیو ئیتنی یاخود جیۆئیتنیکەوە ناوچەی شکێنۆکی زۆرن. بۆ نمونە هەرێمی ئەهوازی عەرەب نشین سنوری هاوبەشی ئێران لەگەڵ بەشی خۆرئاوای نەوتینەی کەنداو دادەبڕێت. ئەمەش لە کێوەکانی زاگرۆسەوە کە ئاودیوی دیوی خۆرئاوای ئەم زنجیرەیە دەبێ، ئەوە ئیتر تەنها لەگەڵ ناوچە لوڕنشینەکانو پاشان عەرەب نشینەکان بەڕەورو دەبێت. تەنها دیوی خۆرهەڵاتی زنجیرەی زاگرۆس تاجیك نشینە(فارس) کە بەرەو کەویرەکانی ناوەڕاستی ئێران دەکشێت.

هەروەها ئەم وڵاتە ئەگەر لە هەرێمی بەلوچستان توشی تەنگژەی قوڵتر ببێت، ئەوە سنوری قوڵایی ناوەوەی ئێران لەگەڵ یاخەی خۆرهەڵاتی تەنگەی هورمزو دەریای عومانو لەوێشەوە لەگەڵ ئۆقیانوسی هیند بەیەکجاری دادەبڕێت. لەولاشەوە بەشی هەرە زۆری سنورەکانی ئێران بۆناو قوڵایی ئاسیا واتە سنورەکانی لەگەڵ پاکستان لەدەست دەچێت.

هەروەها ئەگەر بەم گریمانەیەوە بەردەوام بین، ئەوە دەتوانین بڵێین ئەگەر ناوچەی ئازەربایجانی ئێران روبەروی قەیران ببێتەوەو مەیلی جودابونەوەی تێدا بەهێز ببێت، ئەوە بەرینایی هاوبەشی ئێرانو قەفقاز لەیەك دەپچڕێنو قەراخی خۆرئاوای دەریایی قەزوینیش بەرمەترسی دەکەوێت.

له هەمان کاتدا ئەمە بۆ سنورەکانی قەراخی خۆرهەڵاتی دەریای قەزوین لەبەری ئێرانیشەوە راستە. چونکە بە پتەوبونی مەیلو ئاراستەی جوداخوازی تورکمانەکانی تورکمان سەحرا لە پارێزگای گوڵستانو خۆراسانی باکوری، ئەوە بەشێك لە سنورەکانی هاوبەشی نێوان ئێرانو ئاسیای ناوەڕاست بەر هەڕەشەی لەدەست چوون دەکەوێت.

ئەم حاڵەتە کوردستانو بەشێوەیەکی کەمتریش باکوری خۆراسان، گەیلان، مازەندەرانو لوڕستانیش دەگرێتەوە. کوردستان هەمو قەڵەمڕەوی زاگرۆسی ناوەڕاست دەگرێتەوە، هەروەها دەرگای ئێران بەڕوی خۆرئاوای خۆرهەڵاتی ناوەڕاست واتە ئێراقو بەکەمیش تورکیایە. بۆیە ئەم ناوچەیەش رێگاکانی ئێران بەرەو دەریای ناوەڕاست دەبەستێت.

لەمەڕ لوڕەکانیش دەکرێ بەشێوەیەکی کەمتر ئەم گریمانەیە بهێنینەوە، چونکە سەرزەمینە لوڕنشینەکانی بوشەهرو تورك نیشنەکانی(قەشقایی) فارس سنوری هاوبەشی یاخەی خۆرئاوای تەنگەی هورمز پێکدەهێنن. هەرچەند مەیلی شوناسخوازی لەناو لوڕەکان ( بوشەهری، بۆیرئەحمەدی، بەختیاریو لوڕستانیەکان) و لەناو تورکە قەشقاییەکان بەهێزە، بەلاّم ئاراستەی جوداخوازیو سەربەخۆیی لەناو تورکە قەشقاییەکان ریشەی هەیە.ئەمەش لە هەمو سنورەکانی کەنداودا کێشەی لێدەکەوێتەوە.

له باکوری ئێرانیش ئەم حاڵەتە تارادەیەکی لاواز لە گروپە ئیتنیە فراوانو نەمەییوەکانی کەنارەکانی باشوری دەریای خەزەریش راستە. هەرچەند رەوتی گەشەکردنو پێگەیشتنی ئیتنی لە قەراخەکانی باشوری خەزەر کامڵنەبوە، بەلاّم دەتوانین ئەوەش بڵێین کە لەم ناوچانە ویستی شوناسخوازی بەشێوەی لاواز هەیە، بەلاّم مەیلی سەروەریو جودابونەوەی تێدا نییە.

بەم شێوەیە جوگرافیای سیاسی ناوەکی ئێران دۆخێکی شکێنۆکی نایەکپارچەی هەیەو لەگەڵ روودانی هەرچ قەیرانێکی ناوەکیو دەرەکی بۆی هەیە کێشەی ستراتیژی لێبکەوێتەوە.

## (٣)

گروپە ئیتنیەکانی ناو ئێران لەروی ژمارەوە زۆرن. بەلاّم سەرباری ئەم زۆربونەش ناسیۆنالیزمی ئەو گروپانە تائێستاش بە بزاڤێکی جەماوەری نەبوەو ئەگەر یەك-دو نمونە لە چەند بڕگەیەکی زەمەنی هی کوردو بە کەمیش ئازەربایجانیو عەرەبەکانی لێدەرکەین، ئەوە تەنها وەك بزاڤێکی نوخبەیی ماونەتەوە.

بۆیە ئەمە بڕیارسازانی تاران دڵخۆش دەکات کە لە ئێران پرسی ئیتنیکی شێلگیر نایەتەکایەوە. لەکاتێکدا پێناچێ ئەمە تێگەیشتنێکی ورد بێت. چونکە ئەزمونی مێژوو دوبارەبونەوەی ئەوەی سەلماندوە کە هەرچ کاتێك ناوەند لاوازبوبێت، ئەوە خواستی لادان لە ناوەندی گروپە نافارسەکان زیادیکردوەو خواستەکانی شوناسنامەو کولتوری خۆیان بەروخستوە. هەرچ کاتێکیش ناوەند دوبارە بەهێز بوبێتەوە، ئەوە بەزەبر ئەم خواستەی داپلۆساندوە. لەبەر ئەمە بونی زەبر لە کپکردنی ئەو خواستە ئیتنیانە بەبەڵگەی نەبونی پشکۆیەکی وا لەژێر خۆڵەمێشی مێژوی گەلانی ئێرانی نازانرێت!

ئەگەر بێینە سەر ئەوەی گروپە ئیتنیەکانی ناو ئێران پۆلێنبکەین، ئەوە بەچەند شێوەیەك دەتوانین ئەمە بکەین. یەکەم لەروی پێگەی جیۆپۆلیتیکەوە بە دو دەستە دابەشدەبن:

- گروپە ئیتنیە ناوەندییەکان
- گروپە ئیتنیە کەنارییەکان

هەروەها لەروی نەژادو کولتوریشەوە دیسان دابەشکاری دەکرێتەوە:

- گروپە ئیتنیە ئێرانییەکان
- گروپە ئیتنیە غەیرە ئێرانییەکان

لەلایەکیتریشەوە دەکرێ بەشێویەکی تریش دابەشی بکەین. ئەو گروپانەی لەدەرەوەی سنورەکانی ئێران بەردەوامبویان هەیەو ئەوانەی بەردەوامبویان نییە:

- ئەوگروپانەی لەدەرەوەی سنورەکان بەردەوامن
- ئەو گروپانەی لەدەرەوی سنور بەردەوامیان نییە

ئەمە بەچەند شێوەیەکی تریش قابیلی شیکردنەوەو پۆلێنکردنە. بۆ نمونە پێگەی هەندێك لە گروپە ئیتنیەکان گەلێك ستراتیجییەو هی هەندێکی تریان کەمتر ستراتیجییە.

یان لەروی پێگەی جیۆپۆلیتیکەوە بە رودانی هەرجۆرە قەیرانێك ئەوە خواستی لادان لە ناوەند لای هەندێك لە گروپە ئیتنیەکان بەهێزدەبێ‌و هی هەندێکیتر راکردن لە ناوەند ئەوەندەی بشێ دەرناکەوێت، بەلاّم داوکاری شوناسنامەو سەروەری ناوەکی بەرودەکەوێت.

(٤)

بۆ ئەوەی پێگەی گروپە ئیتنیە ناوەندییەکان‌و کەنارییەکان لێکبدەینەوە ئەوە پێویستە سەیرێکی نەخشەی سیاسی ئێران بکەین‌و ئاورێ لە جوگرافیای سیاسی گروپە ئیتنیەکان بدەینەوە.

لێرە بەپێی ئەم روانینە دەمودەست ئەوەمان بۆ روندەبێتەوە کە گروپەکانی فارس، ئازەربایجانی‌و بەشێوەیەکی کەمتریش لورەکان خاوەن پێگەی جوگرافیایی ناوەندین. ئەمە تەنها ئەم پێگەیە لەروی جوگرافیەوە نیشاننادا، بەلّکو لەروی قولاّیی مێژوویی‌و رۆڵی سیاسی ئەم گروپانە لە رەوتی روداوە سیاسیەکانی ئەم ولاّتەشدا نیشاندەدات.

بۆ نمونە فارسەکان رێك لەناوەراستی فەلاتی(بانی) ئێراندا دەژین. ئەم پێگە ناوەندییە جۆرێك لە دۆخی جەرگەستانی( هیرتلاند) لە ئاستی ئێراندا بۆ ئەم گروپە خولّقاندوە کە هەمو گروپەکانی تر بەدەوریدا وەك ریملاند یاخود کەنارستان‌و پشتوێنەی پاراستنی وان.

تۆ ئەگەر بیێ‌و لە نەخشەی پارێزگاو ناوچە تاجیك نشینەکان بنۆڕی، ئەوسا بۆت دەردەکەوێ کە بونی تاجیکەکان لە خۆراسانی ناوەندی، بەشێك لە سەمنان، تاران، قوم، یەزد ، کرمان، شیرازو ئەسفەهان چۆنچۆنی ئەم گریمانەیە دەسەلمێنێت.

ئەگەر تەورێزی لێدەرکەی، لەماوەی ٢٠٠ ساڵی رابردوشدا ئەوە زنجیرەکانی دەسەلاَتی ناو ئێران هەمیشە لەناوەڕاستی ئەم ولاَتە جیگیربونو شارەکانی ئەسفەهان، شیرازو تارانیان بە پایتەخت هەڵبژاردوە. ئەمەش لەروی جیۆستراتیژیەوە هەم بۆ پاراستنیو هەمیش بۆ یەکخستنی قولاَیی، ئەهەمیەتی هەبوە.

پاش فارسەکان(تاجیکەکان) ئازەربایجانو ئازەربایجانیەکان بەپلەی دوەم دێن کە لەئاستی ئێراندا بە گروپی ناوەندی دوەم حساب دەکرێن. ئازەربایجانیەکان لەماوەی ٥٠٠ ساڵی دواییدا لەمێژوی سیاسی ئەم ولاَتە بە هەلاَواردنی ٦٠-٧٠ ساڵی دوایی هەمیشە رۆڵی پلەیەکەمیان هەبوە.

ئەمە تا ئەو ئاستە رۆیشتوە کە نزیك بە چەندسەد ساڵێك ئازەربایجان تەنوری روداوە سیاسیە یەکلاکەرەوەکانی ناو ئێران بوە. واتە بۆ ماوەیەکی دورودرێژ ناوچەکانی باکورو باکوری خۆرئاوای ئێران مەکۆی روداوە سیاسیە گرنگەگانی ئێران بون کە ئەم شوێنانەش بەزۆرینە ئازەری نشینن. لەبەر ئەمەشە کە لەم ماوەیەدا چی تورکمانەکانی ئاق-قۆینلو قەرەقۆینلوو چی تیرە تورك زمانەکانی قزڵباش-شاهسەوەنی سەفەوی، ئەفشار، قاجارو هتد هەموی لەم ناوچەیەدا گلی خواردۆتەوە.لە تارانەوە بە ئاراستەی خۆرئاوا و باکوری خۆرئاوا ئیتر هەر هەموی قەڵەمڕەوی تورکنشینە.

بۆیە ئەمە لەروی رەوتی روداوەکانی مێژوشدا رەنگدەداتەوەو لە شۆڕشی مەشروتەو شۆڕشی ئێرانیشدا دەرکەوتوە. بە دەرکەوتنی ستارخانو باقرخان لە ئازەربایجانەوە تاران فەتحکرا. هەروەها بە راپەڕینی تەورێز شۆڕشی ئێران سەرکەوتنی یەکجارەکی خۆی مسۆگەرکرد.

پارێزگاکانی قەزوین، زەنجان، ئازەربایجانی خۆرهەڵات، ئەردەبیل، بەشێك لە ئازەربایجانی خۆرئاواو بەشێکی هەمەدانیش تێکڕا تورك زمانن. ئەم شوێنانەش پێگەیەکی ناوەندیان هەیە. ئەم دۆخە تەنها جوگرافیا ناگرێتەوە، بەڵکو ئاستی بەشداریکردنی لە نەزمی سیاسیو دەسەڵاتیش دەگرێتەوە کە پاش شۆڕشی ئیسلامی بەشداری سیاسی ئازەربایجانیەکان ئەگەر لە فارسەکان زیاتر نەبوبێ، ئەوە کەمتر نەبوە.

ئەم تایبەتمەندییە تارادەیەکی کەمیش لوڕەکانیش دەگرێتەوە. چونکە جوگرافیای لوڕنشین بۆ قولاییو بەشی خۆرهەڵاتی زنجیرەی زاگرۆس دەکشێت. لەبەر ئەمە مەیلی سیاسی ئەم قەوارە ئیتنیەش لەماوەی سەدەی رابردودا بۆلای ناوەندی ئێران کشاوە نەك بۆ دەرەوەی. واتە بەرەو ناوەند کشان لە راکردن لە ناوەند بەهێزتر بوە.

ئەمە لە شۆڕشی مەشروتەو بەشداری بەختیاری، بۆیرئەحمەدیو لوڕەکانی پشتکۆو پێشکۆدا دەبینن. هەروەها لە شۆڕشی ئیسلامیو جەنگی ئێران- ئێراقیشدا ئەمە بە زەقی دەردەکەوێت. بۆیە ئەم دۆخی ناوەندیبونە بەشێوەیەکی کزیش لای لوڕەکانیش دەبینرێت.

بەنیسبەت گروپە ئیتنیە نەمەییوەکانی کەنارەکانی باشوری دەریای خەزەر دەتوانین بێژین کە ئەمانە( مازەنی- گەیلانی، تاڵشیو تاتی) ناوەندی نینو لەروی جوگرافیەوە کەنارنشینن، بەلاّم لەروی بەشداری سیستەمی حوکمەوە رەنگبێ لەئەوانی پێشتر کەمتر نەبن.

گروپەکانی دیکەی کەنارنشینن. بۆ نمونە کوردەکان لە کەنارەکانی خۆرئاوای ئێران دەژینو رۆڵێکی ناوەندیان نییە. هەرچەند بزوتنەوی کورد تەمسیلی خواستە ئیتنیەکانی ئێران دەکاتو رۆڵی لەپێشەوەی بۆ بەژێر پرسیاربردنی ناسیۆنالیزمی یەکپارچەی ئێران هەیە، واتە کورد بەرەی پێشەوەی داواکارییەکانی ئیتنیو شوناسن، کەچی لەروی جوگرافیای ئیتنیەوە لە کەنارەکانی خۆرئاوای ئێران جێگیرن.

عەرەبەکانی ئەهوازیش لە کەنارەکانی باشوری خۆرئاوای ئێران نیشتەجێبون. ئەم ناوچەیە لەروی جیۆپۆلیتیكو جیۆئیکۆنۆمی هەتا بڵێی گرنگە، بەلاّم لەرووی پێگەی جوگرافیەوە دیسان لە کەنار هەڵکەوتوەو رۆڵێکی ناوەندی نییە. دیارە بونی سەرمایەی ژێرزەوی زۆروزەوند وەك نەوتو گازی سروشتیو سنوری دەریاییو کشتوکاڵەوە ئەم ناوچەیە بە یەکێك لە جەمسەرەکانی ئێران دەزانرێت، بەلاّم ئەمە لەوە کەمناکاتەوە کە پێشتر وەك نەتەوەیەکی کەنارنشین بەناومان کرد.

ئەم کەنارنشینیە بەلوچەکانیش دەگرێتەوە. بەلوچەکان لە باشوری خۆرهەلاّتی ئێران دەژین. ئەگەر بزوتنەوەی بەلوچ بکشیٚو ببێتە جەماوەری ، ئەوە بەرەو ناوچە سوننەنیشنە غەیری فارسو غەیری بەلوچەکانی میناب، بەندرعەباسو دورگەکانی قشمو هەنگامەو هتادیش دەکشێتو شوناسی هاوبەشی نزیك لە بەلوچو سوننە دەیانگرێتەوە.

واتە قەراخی خۆرئاوو خۆرهەلاّتی تەنگەی هورمز، سنورەکانی دەریای عومانو لەوێشەوە ئۆقیانوسی هیند لە ناوەڕاستی ئێران دەپچڕێت. ئەمەیە کە رۆڵی بەلوچ بۆ پێکەوە بەستنی بەندەرعەباس بە سنورەکانی ئەفغانستانو پاکستان ئەوەندە گرنگە.

لەلای سەرەوەش ناوچە تورکمەنشینەکانی تورکمەنسەحرا بەلای تورکمانستاندا دەکشێت. ئەم ناوچە کەنارییە ئەوەندە بە ئێرانەوە بەند نییە. ناوچەیەکی بچوکی سنوریە کە ئەگەر سنوری سروشتی چەمی ئەترەك نەبیٚ، ئەوە درێژکراوەی جولگە تورکمەنشینەکانی تورکمانستانو تورکمانسەحرایە کە بۆ ناو ئێران کشاوە.

ناوچە کوردنشینەکانی باکوری خۆراسانیش لەم حاڵەتە بەدەر نیینو پێگەیەکی جوگرافیایی پەراوێزنشینیان هەیە. ئەم ناوچەیە سەرباری ئەوەی کوردنشینەو بۆخۆشی بە هەزاران کیلۆمەتر لە کوردستانی سەرەکی دورە، لەسەر سنورەکانی ئێران-تورکمانستان هەڵکەوتوەو لە ناوەندەوە زۆر دورەو لەگەڵ تورکمانەکان سنوری ناوخۆییو دەرەکیان هەیە.

بەجۆرە دەردەکەوێ کە فارسەکان، ئازەربایجانییەکان(و بەشێوەیەکی کەمتریش لوڕەکان) پێگەی جوگرافیان ناوەندەو باقی گروپە ئیتنیەکانی تر لە کەنارەکانی ئێراندا جێگیربون. ئەمەش ئاستی کاریگەری ئەم گروپانە لەسەر بەهێزکردن یان لاوازکردنی دەسەلاَت لەناوەڕاستی ئێران پیشاندەدات.

**(٥)**

ئێران بۆخۆشی لەروی جیۆکولتورەوە یەکدەستو یەکپارچە نییە. ئەم ولاَتەش وەك ولاَتەکانی تری خۆرهەلاَتی ناوەڕاست (تورکیا_ عیراقو سوریا) لەناو شارستانی سەرەکی ئیسلامیدا، شوێنی لێکدانی سێ لاشارستانی ئێرانی، تورکو عەرەبییە.

لاشارستانی تورکو ئێرانی لە بەشێك لە باکورو باکوری خۆرئاوای ئێران- ناوەڕاست (و تەنانەت باشوریشیدا- نمونەی تورکە قەشقاییەکان ) لێکیانداوە.

هەروەها لاشارستانی ئێرانیو عەرەبی لە باشورو باشوری خۆرئاوای ئێران پێکیاندااوە. ئەم سنورانەی بەیەك گەیشتنە پێشتر لەو دەمانەی کە کولتوری سیاسی دین-ناوەند بوە کێشەساز نەبوە. بەلاَم بە گەشەکردنی ئەتنیسیتەی سیاسی بە دیاردەیەکی کێشەسازو تەنانەت قەیرانسازیش بوە.

ئەو گروپانەی سەربە لاشارستانیو نەژادی ئاریانن بریتین لە : فارس، کورد، بەلوچ، سیستانی، لوڕ، گیلەکی، مازەندەرانی، تالَشی، تاتیو هتد. ئەرمەنیو گورجییەکانی ئێرانیش هەرچەند سەربەم لاشارستانییە نین، بەلاَم لە گروپی هیند-ئەوروپایینو لەم گروپانە نزیکن.

گروپە ئیتنیەکانی تورك، تورکی ئازەربایجانی، تورکمان، تورکی قەشقایی، خولجی سەربە لاشارستانی تورکینو بەشێك لە گروپی نەژادی ئۆرالَ-ئالَتاین کە لەشێوەی فەتحو لەشکرکێشی پەیتا-پەیتاو لە پرۆسەیەکی زەمەنی چەند سەد سالَەدا لە ئاسیای ناوەراست بۆ ناو قولاَیی ئێران کشاون.

عەرەبەکان، عیبرانی، سوریانیو ئاسورییەکانی ئێرانیش سەربە گروپی نەژادی سامینو بەشێکیان هەر لە دێرزەمانەوەو تەنانەت پێش هاتنی ئاریانەکان بۆ

ئێران لەم سەرزەمینەدا نیشتەجێبون. بۆ نمونە شوێنێکی وەك ورمێ لە مێـژوی دێریندا ئاسورینشین بوە.

ئەم گروپانە کە بەشێکیان سەربە گروپی هیند-ئەوروپایین‌و هەندێکیتریشیان سەربە گروپی ئۆراڵ-ئاڵتای‌و ئەوانەی دیکەشیان لە گروپی سـامین، ئەمڕۆکـە پێکهاتەی ئیتنی، نەژادی‌و شوناسی ئێران پێکدەهێنن.

**(٦)**

ئەم گروپە ئیتنیانەی کە ئەمڕۆکە لە چوارچێوەی سنورەکانی ئێرانـدا دەژیـن، بەشێکی زۆریان لـەودیو سـنورەکانی ئێـران لـەناو سـنوری ولاّتـی دراوسـێدا ئیمتداد‌و درێژبونەوەیان هەیە.

جا هەیانە ئەو ولاّتە کەدراوسێی نەخوازراوە بۆ خۆی لەو نەتەوەیـە پێکهـاتوە کە بەشێکی لەناو ئێراندا بەردەوامە وەك ئازەربایجان، تورکمانسـتان، بەکـەمی تورکیا‌و عەرەبستان (ئەهواز) کە لەگـەڵ عیراقـی عـەرەب سـنوری زەمینـی‌و لەگەڵ شێخنشینە عەرەبیەکانی کەنداویشدا سنوری دەریایی هەیە.

هەشـیانە لـەناو سـنوری سیاسـی ولاّتـی دراوسـێدا بەشـێکی داگیرکـراوی بـەردەوامبوی خـۆی هەیـە وەك: کوردسـتان لەگـەڵ هـەرێمی کوردسـتان‌و کوردستانی تورکیا، بەلوچسـتان لەگـەڵ بەلوچسـتانی پاکسـتان‌و بەکـەمیش ویلایەتی نیمروزی بەلوچنشینی ئەفغانستان.

لە ئاسـتێکی بچوکتریشـدا ئەرمەنـەکان، گورجییـەکان‌و عیبرانییـەکان کـە لەمێژە لەناو سنورەکانی ئێران دەژین، لەوبـەری سـنورەکانی ئێـران‌و تەنانـەت دورتریش دەوڵەتی خۆیان هەیە کە جۆرجیا، ئەرمینیا‌و ئیسرائیلن.

تاڵشـی‌و تاتـەکانی نـاو ئێـران لـەودیوی سـنور لـەناو ولاّتـی ئازەربایجـانی سـەربەخۆدا درێـژکراوەی خۆیـان هەیـە کـە لـە ئاسـتارا‌و ئاسـتاراخانەوە بـە هاوگروپەکانی خۆیان دەگەنەوە.

هەشیانە لەسنورەکانی دەرەوە ئیمتدادیان نییە‌و تەنها لەناو ئێـران هـەن وەك گەیلانی، مازەنی‌و بەکەمیش لوڕەکان. لەمەڕ لوڕەکان ئـەوە تیـۆری‌و تێزەکـان

جۆربەجۆرن. ئەوانەی بە کوردیان دەزانن لەمڕووەوە کێشەیەك نابینن‌و پێیانوایە ئەوە لوڕ لە عیراقیش هەن واتە کوردەکان بەردەوامبوی لوڕەکانن. ئەوانەشی لوڕ بە گروپێکی ئیتنی جیاواز دەزانن ئەوە باس لەوە دەکەن کەلەناو خاکی عیراق لە کوت‌و عەمارەو ئەو شوێنانەدا بەکەمی لوڕو فەیلی هەن. بەگشتی لوڕەکان بەزۆرینەی ڕەها لەناو خاکی ئێران دەژین.

**(٧)**

کاتێك لەم تابلۆ ئیتنیە دەڕوانین کە ئێرانی پێدەڵێین، ئەوە بۆمان دەردەکەوێ کە لەروی شوناسنامەوە وڵاتێکی ناهۆمۆجین‌و ناچونیەکە. هەرچەند لە گەلێك سەردەمی جۆربەجۆردا بەزەبر ئەم وڵاتە بەڕێوەبرابێت، بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە حاڵەتێکی وا کە نەخشەی ئیتنی‌و جیۆئیتنیکی ئێران پێماندەنوێنی، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەم وڵاتە وڵاتێکی شوناس-دڕاوو شکێنۆکە.

پێدەچێ پشتگوێخستنی مافەکانی شوناسنامەو سەرەوەری ناوخۆیی ئەم گروپە ئیتنیانە دۆخی شکێنۆکی ئێران زیاتر بکات. بۆیە لەگەڵ بەهێزبونی ناوەندگەرایی ئەوە کشان بەلای ناوەندا زیاد دەبێت. بەڵام هەر ئەوەندەی لە ناوەند قەیران بێتەکایەوە، ئەوە مەیلی ڕاکردن لە ناوەند بەهێزو باڵادەست دەبێت.

بۆیە ئیدارەدانی وڵاتێکی ناهۆمۆجینی وەك ئێران تەنها بە تیژی چڕکردنەوەی دەسەڵات لەناوەند مسۆگەر نابێت. چونکە ئەمە لە دۆخی دینامیکی تەرزوازی هێزەکان‌و سنورەکاندا، مەترسی لێکترازانی لێدەکەوێتەوە. پێدەچێ لە حاڵەتی ستاتیکی سنورەکان‌و جیۆپۆلیتیکی وڵاتاندا جێگیرییەکی درێژخایەن بخوڵقێ، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە لەگەڵ دەرکەوتنی دۆخی دینامیکدا ئەو جێگیرییە جێی خۆی بە ناجێگیری‌و نائارامی دەدات.

لەبەر ئەمە دابەشکردنی دەسەڵات بەپێی ئەم یەکە ئیتنی‌و ئیداریانە پرسەکانی جیاوازی شوناس بەشێوەی ڕێژەیی چارەسەر دەکات‌و لە مەترسیەکانی لێکترازانی توند کەمدەکاتەوە.